# پاشماوەی.. مرۆڤ خاوەنی دەرمانخانەیەکی گەورەیە لە جەستە و دەروونی ...

**هاوڵاتی:** کەیسی دەروونی زۆر هەیە، دیارترینیان لادانی کۆمەڵایەتی و لەشفرۆشی و دزیکردنن، خووگرتن بە بەکارهێنانی مادە سڕکەرەکان و بەکارهێنانی توندوتیژی و لێدان و شەڕ، ئەو جۆرە کەسانەش پاش دەستگیرکردنیان و ڕێنماییکردنیان زۆری پێناچێت دەچنەوە سەر هەمان ڕەفتاری پێشوویان، پێتوایە لەگەڵ ئەم کەسانەدا کە بەهای کۆمەڵایەتی و یاسا شتێکی بە بایەخ نییە لەلایان گوێ بدەنە وەرزشی دەروونی، یان بەمانایەکی تر ئومێد هەیە ئەم وەرزشە کاریگەرییان لەسەر جێبهێڵێت؟

عەبدوڵا تۆفیق: خووگرتن بەهەر ڕەفتارێکەوە لە مرۆڤدا کە لە دووبارەدا دەردەکەوێت، یەکێکیان (دیارە) وەکو نیشانەکانی نیگەرانی (قلق) کە جووڵەی زۆر بە دەست دەکات، لایەنەکەی تر (نادیارە) ئەوانەن کە ناتوانن باسی ئازارەکانیان بکەن، بە پێچەوانەوە خوو بە ڕەفتارێکەوە دەگرن، بۆنموونە کەسانێک دەناسم بەس خەریکی ژماردنی ژمارەی ئۆتومبێلن، هەیە لەگوڵی سەر پەردەی کەلوپەلەکان ورد دەبێتەوە، بۆیە دەبێت ئەو پرۆگرامەی کە خووی پێوەگرتووە سەرلەنوێ بسڕدرێتەوە.

دەتوانرێت بەهۆی وەرزشە دەروونییەکانەوە ڕاستەخۆ مامەڵە لەگەڵ ئەو کەسانەدا بکرێت کە دووچاری خووگرتن بوون، چونکە خووگرتن لە ئەنجامی ڕاهێنانی مرۆڤ خۆیەوە سەرهەڵدەدات، واتە بەهۆی توانای مرۆڤەوە بووە کار لەسەر ئەوە کراوە ئەو پرۆگرامە بچەسپێت لە مێشکدا لە بێئاگایی مرۆڤدا هەڵگیراوە (خزن)، بۆیە لێرەدا پێویستە کەسەکە خوویەکی تر دروست بکات لە مێشکیدا تاکو ئەو خووە لەناوببات.

**هاوڵاتی:** ئەگەر کەمێک بەوردی بڕوانینە شێوازی وەرگرتنی ژیان لەلای خەڵکی کورد، تێبینی دەکرێت بە بەردەوامی بە شوێن ئازارەوەن، کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو یادەوەرییانەی لە ڕابردوودا ئازاری داون، کەمتر کەسێک بەدی دەکەیت بەشێوەیەکی پۆزەتیڤانە مامەڵە لەگەڵ ژیانیدا بکات، ئەم هەڵبژاردنە هەڵەیە یاخود ئاساییە؟

عەبدوڵا تۆفیق: دوو ڕێگە هەیە بۆ گەیشتن بە بەختیاری، ڕێگەیەکیان ئەو بیرکردنەوە نێگەتیڤانەی لە مرۆڤدا هەیە کە دەچێتە پرسەی مردووەوە دەبێت لە خۆی بدات و خۆی ئازار بدات، ئەمەیان گەڕانە بە شوێن ئازاردا، ڕێگاکەی تر گۆڕینی بیرکرنەوەکانە بۆ ژیان، بەوەی مرۆڤ دەبێت بە ئاسوودەیی بژی، مادام بەبێ ویستی خۆمان هاتونەتە ژیانەوە دەبێت مانایەک بدەین بەم ژیانە، بۆیە خۆ ئازاردان و گەڕانەوە بۆ یادەوەریی ناخۆش هەڵەیەکی گەورەیە، وەک خەوێکی ناخۆش وایە پێویستە مرۆڤی لێ بەئاگا بهێنرێتەوە.

**هاوڵاتی:** زوربوونی خەمۆکی کە هۆکاری سەرەکی خۆکوشتنە لە کوردستاندا بە شێوەی خۆسوتاندن مەترسییەکی کۆمەڵایەتی دروست کردووە، کە ئامارەکان ئاماژە بەوە دەکەن نەک تەنها ژنان بەڵکو ئێستا پیاوانیش خۆیان دەسوتێنن، بەجۆرێک مۆرکێکی کوردییانەیان داوە بە خۆکوشتن کە لەوڵاتانی تردا بە خۆخنکاندن و ژەهراوی کردن و...ئەنجامدەدرێت، چۆن وەرزشی دەروونی دەتوانێت بە فریای ئەو کەسە خەمۆکانە بکەوێت و پەشیمانیان بکاتەوە لەو بڕیارە؟

عەبدوڵا تۆفیق: ڕاستە خۆکوشتن لە وڵاتانی تریشدا هەیە، من کوڕێکی سویدی تەمەن ٢٢ ساڵم بینی لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەندیش بوو خۆی کوشت، چونکە هەستی دەکرد لەو پارەیەی کە هەیەتی سەربەست نییە و موڵکی بنەماڵەکەیەتی، بۆیە لە باڵەخانەکەی خۆیاندا سەگەکەی بەستەوە و خۆی هەڵدایە خوارەوە، ئەمە سادەترین نموونەیە، خۆکوشتن لە هەموو جیهاندا هەیە، بەڵام خۆسووتاندنی ژنانی کورد دونیایەک ئاواتی فەرامۆشکراوی لە پشتەوەیە، پێموایە ئەگەر ژن بیت لە کوردستاندا ئاسان نییە، تەنانەت ئەگەر مرۆڤیش بیت ئاسان نییە، ژنان بەهۆی کاری زۆری ناوماڵ و دەرەوەش لەگەڵ پەروەردەی منداڵ توشی( ستریس) بارگرژی دەروونی دەبن، خۆ ئەگەر هەڵەیەک بکات کۆمەڵگە لێی قبوڵ ناکات، ئەمە دەرئەنجامی ئەو خۆخواردنەوەیە کە دەیەوێت گوزارشتی لێ بکات، بەڵام ئەمە مانای ئەوە ناگەێنێت کە من لەگەڵ خۆسووتاندنی ژناندابم، چارەسەریش بەوە دەبێت بڕوابەخۆبوونیان بۆ بگێڕدرێتەوە. من ئێستا لە ئامادەکردنی سیدییەکدام بەناوی (هێزی ژنان) بەهیوام بگات بە ڕێکخراوەکانی ژنان و سوودی لێ ببینن .